


# ئۆلیمپ دوو گۆژ

# ئەو ژنەی لەپێناو ئازادی ژناندا

# سەری پەڕێندرا لە فەرەنسا

1793 – 1784

Olympe de Gouges

خاتوو ئۆلیمپ دوو گۆژ یەکەم ژنە نووسەرە کە دەقی (بانگەوازی بۆ مافەکانی ژن و هاووڵاتیان) نووسیوە، دەقی ئەم بانگەوازە لە بەرواری 1791/9/5 نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە، کە بریتیە لە چەند بەندێکی یاسایی و سیاسی و فەلسەفی بۆ پاراستنی مافەکانی ژن. تا ئێستا بە یەکەم دەقی قانونی دادەنرێت کە داوای یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا بکات . ئەم بەندە قانونیە تا رادەیەکی زۆر لەو (بانگەوازیەی مافی مرۆڤ) دەچێت کە لە سەرەتای شۆرشی فەرەنسادا بڵاو کرایەوە لە ساڵی 1789 لە پاریس. بەڵام (ئۆلیمپ دوو گۆژ) رەخنەیەکی توند دەگرێت لە دەقی ئەو بانگەوازیەی مافی مرۆڤ ، چونکە لەو دەقەدا مافی دەنگدان نە دراوە بە ژنان ، ئەم خاڵەش خاتوو ئۆلیمپ دوو گۆژی زۆر تووڕە کرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە دەقێکی بانگەوازی نامە بۆ ژن و هاووڵاتیان بنوسێت : کە پێک هاتوە لەدانانی چەند بەندێکی قانونی و 17 ووتار بۆ پاراستنی مافەکانی ژنان بەتایبەتی و هاووڵاتیان بەگشتی. لێرەدا تەنها دوو مادەی دەکەین بە کوردی ، بەهیوای لە داهاتوویەکی نزیکدا هەموو بەندە قانونیەکانی و هەندێ لە ووتارەکانی وەربگێرین بۆ زمانی کوردی:

**مادەی 1 : ژن وەک پیاو بە ئازادی و یەکسانی لەدایک دەبێ، پێویستە جیاوازیە کۆمەڵایەتیەکان تەنها لە بەرژەوەندی گشتیدا بکرێن .**

**مادەی 12 : پێویستە هەڵمەتێکی مەزن بکرێت بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی ژن و هاووڵاتیان، وە ئەم مسۆگەرکردنە دەبێت بەرێگەی یاسا بچەسپێندرێت لە پێناو خزمەتی گشتیدا، نەک تەنها بۆ بەرژەوەندی تایبەتی کۆمەڵێک بێت.**

پێش سێ سەدە ئەم ژنە تێکۆشەرە باسی ئازادی و مافەکانی ژن دەکات ، پێش ئەم خاتوونە هیچ سیاسەت مەدارێک یان فەیلەسۆفێکی مرۆڤ دۆستی تر باسی مافی ژنیان نەکردوە، بۆیە ئۆلیمپ دوو گۆژ بە پێشەوای خەباتی ئازادی و مافی ژنان دادەنرێت نەک هەر لە فەرەنسا بەڵکو لە زۆربەی ووڵاتانی جیهان .

جگە لە تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان، ئەم خاتوونە لە مێژووی فەرەنسادا بە یەکێک لە پارێزەرانی مافی رەش پێستەکانیش دادەنێرێت، لەبەرئەوەی چەندین شانۆ نامە و بابەتی نووسیوە دژ بە کۆیلەکردنی رەشە پێستەکان لە فەرەنسا، لە بەر ئەم هەڵوێستەی زۆرجار لەلایەن چینی دەسەڵاتدارو پیاوانی بازرگان بە ڕەش پێستەکانەوە رووبەرووی هەرەشە و سووکایەتی بۆتەوە، چونکە لە فەرەنسا و دوورگە فەرەنسیەکاندا ئەو سەردەمە ( سەدەی 17 و18)، بە کۆیلەکردن و بازرگانی کردن بە رەش پێستەکان زۆر باو بووە.

ئۆلیمپ دوو گۆژ لە بنەرەتدا ناوی (ماری گۆز) بووە لە ساڵی 1748 لە شاری مۆنتۆبانی باشووری رۆژئاوای فەرەنسا لە خێزانێکی بۆرژوا لە دایک بووە . خاوەنی تەنها کورێکە، دواتر لەگەڵ خوشکێکیدا لە پاریس نیشتەجێ دەبێت، لەوێ ناوی خۆی دەگۆرێت بە (ئۆلیمپ دوو گۆژ) . لە پاریس لە نێو چینی بۆرژوا و نووسەران ودەوڵەمەندەکاندا دەژی، لە بەرئەوەی خۆی لە

خانەوادەیەکی بۆرژوازی بووە دەیزانی چۆن گفتوگۆ لەگەڵ نووسەر و سیاسەتمەداران بکات ، وە ژنێکی سەربەخۆو ئازاد بووە لە بیروبۆچوونەکانیدا، بۆیە هەندێ لە پیاوان بە شێوەیەکی سووک تەماشایان کردوە و هەوڵیان داوە کە ناوی بزڕێنن. [1]

ئەم خەباتگێرە بەرزە لەسەرەتادا بە نووسینی شانۆنامە دەست دەکات بە تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی مافی ژنان و بەرگری کردن لە مافی کۆیلە رەش پێستەکانی فەرەنسا ، یەکەم شانۆ نامەی لە ساڵی 1792 دا بڵاوکردۆتەوە بە ناوی (( کۆیلایەتی رەش پێستەکان یان ئەو بەختەوەرانەی کە لە مردن رزگاریان بوو)) ، بەهۆی نووسینی ئەم شانۆ نامەیەوە ئەم خاتوونە مەزنە رووبەروی هەرەشەی کوشتن دەبێتەوە لەلایەن بازرگانە فەرەنسیەکانەوە کە مامەڵەیان  بە کۆیلەی رەش پێستەوە دەکرد، وە زۆر جار هەوڵی کوشتنی دراوە، بەڵام خۆشبەختانە هەوڵەکان مایە پوچ بوون، لەبەرئەوەی بە پێی سەرچاوەی چەند مێژوونوسێك (ئۆلیمپ دوو گۆژ) پارێزراو بووە لەلایەن چەندین نووسەرو هونەرمەندەوە کە کاربەدەستانی شا (لویسی 16) ناسیوە. ئەم خاتوونە لە ماوەی ژیانیدا 17 شانۆ نامەی نووسیوە کە بەشێکی زۆریان لە سەکۆی شانۆکانی پاریس نمایش کراون، وە هەندێکی تر لە شانۆکانی بوونەتە هۆی نانەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی لە هەندێ لە شارەکانی تری فەرەنسا ، لەبەرئەوەی ئەم نووسەرە هەمیشە پشتگیری لەچینی بێ دەسەڵات کردووە بە تایەبەتی ژنان و کۆیلە رەش پێستەکان، چینی بەرژەوەندی پەرست، بەتایبەتی پیاوان هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگایان پێ ناخۆش بووە .

ئەم خاتونە جگە لە نوسینی شانۆ نامە بۆ مافی ژن و رەش پێستەکان باسی لە پاراستنی مافە گشتیەکانی هاووڵاتیش کردووە، وەک لە کتێبی  (نامەیەک بۆ میلەت) باس لە دانی (باج و سەرانە) ی نیشتمانی  دەکات، هەر لەم پێناوەشدا چەندین پرۆگرامی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە باج بڵاوکردۆتەوە. بۆ هۆشیارکردنەوەی میللەت چەندین گرووپی شانۆی ساز کردوە بۆ ئەم مەبەستە. هەرچەندە ئەم خاتوونە دژی دیکتاتۆری و دەسەڵات بووە ، بەڵام لە کاتی دادگایکردنی شای فەرەنسا (لویسی 16) ئۆلیمپ دوو گۆژ هەوڵدەدات کە بەرگری لێ بکات لەلایەنی مافەکانی مرۆڤەوە و دژی لەسێدارەدانی دەوەستێتەوە، بەڵام داواکەی پەسەند ناکرێت. وە دوای سەرکەوتنی شۆرشی فەرەنسا ئەم خاتوونە دەچێتە پاڵ (کۆماریەکان) و بەردەوام دەبێت لە پشتگیری کردن لە بانگەوازیەکانی مافی مرۆڤ .

لە یەکێک لە پەرتوکەکانیدا زۆر بەراشکاوی رەخنەی تووند دەگرێت لە دەسەڵات و دژی هەموو جۆرە دیکتاتۆریەک دەوەستێتەوە، بە تایبەتی لەو نامەیەی کە دەینێرێت بۆ  (سەرۆکی کۆمیتەی شۆرشگێران)ی ئەو سەردەمەی فەرەنسای کە لە 2/ 6/ 1793 بڵاوی کردۆتەوە، بەهۆی ئەو رەخنە توندانەی لەو نامەیەدا دەستگیردەکرێت و دەخرێتە بەندیخانەوە، سەرەرای ئەوەی چەندین نووسەر و هونەرمەندی بەناوبانگ پشتگیری لێدەکەن بەڵام دادگا بریاری لەسێدارەدانی دەدات بە (سەربرینی بە مقسەلە). وە پارێزەرەکەی لە دادگا لەبری ئەو داوای لێبووردن دەکات، وە ئۆلیمپ دوو گۆژ خۆشی هەموو سەروەت و سامانەکانی دەخاتە بارمتەوە (رەهن)ەوە بۆ ئازاد بوونی بەڵام بێ سوود دەبێت، لە 6/ 8 / 1793 دادگای شۆرش دووبارە سزای دەدات بە سەرپەراندن. پاشان پارێزەرەکەی داوا لە دادگا دەکات کە پێویستە ئەم خاتوونە ئازاد بکرێت لەبەرئەوەی نەخۆشە، بەڵام پزیشکەکانی دادگا ناتوانن بەتەواوی بریار بدەن، لەبەرئەوە دادگا بریاری خۆی ناگۆرێت و لە 3 /11 / 1793 لە پاریس بە (مقسەلە) سەری دەپەڕێندرێت. ئەم ژنە خەباتگێرە خۆی دا بە کوشت لەسەر بیرورا ئازادەکانی، وە پێش مردنی ئەم چەند دێرە لە وەسیەتنامەکەی  دەنووسێت : " دڵم دەبەخشم بە نیشتمان ، گیانم بە ژنان ، ئەوان بەلای منەوە زۆر گرنگن ، وە سەرراستیم بە پیاوان، چونکە ئەوان پێویستیان بە سەر راستی یە ".

پاش لە سێدارەدانی ئەم خاتوونە چینی رۆشنبیرو نووسەرو پارێزانی مافی مرۆڤی فەرەنسا هەست بە کەلێن و لەدەستدانی کەسایەتیەکی مەزن و ژنە نوسەرێکی بە توانای وەک ئۆلیمپ دوو گۆژ دەکەن، وە دان بەو راستیەدا دەنێن کە ژنێکی

---

[1] Oilivier BLANC : « Celle qui voulut politiquer », Le Monde diplomatique, novembre 2008.

شۆرشگێری بێ وێنەیان لەدەستداوە، هەربۆیە بەماوەیەکی زۆرکەم دوای لەسێدارەدانی ئۆلیمپ دوو گۆژ ناوی لەناو هەموو چین توێژەکانی فەرەنسادا بڵاودەبێتەوەو بەیەکەم ژنی نووسەرو بەرگریکەری مافی ژنانی فەرەنسا ناوی لەهەموو دەروازەو شەقامێکی فەرەنسا بەرزدەبێتەوە بەشێوەیەک کە بۆ هەتا هەتایە ناوی ئۆلیمپ دوو گۆژ لە مێژووی فەرەنسادا دەدرەوشێتەوە، هەتا ئێستاش زۆرێک لە شوێنە بەناوبانگەکانی فەرەنسا بەناوی ئەم خاتوونەوەیە، شانۆی ئەو شارەی کە تێیدا لەدایک بوو (مۆنتۆ بان) کرا بەناویەوە، وە لە پایتەختی فەرەنسا یەکێک لە مەیدانە بەناوبانگەکانی پاریس بەناوی (ئۆلیمپ دوو گۆژ)ەوەیە ، لە زۆربەی شارەکانی تری فەرەنسا چەندین بنکەی رۆشنبیری، قوتابخانە و خەستەخانە کراوە بەناویەوە، وە لە شاری ستراسبورگ کە پایتەختی ئەوروپایە کتێبخانەی نیشتمانی ئەو شارە بە ناوی (ئۆلیمپ دوو گۆژ)ەوەیە ، هەروەها لە هەندێ شوێنی تایبەت پەیکەری ئەم خاتوونە وەک هێمای تێکۆشانی ئازادی و سەربەرزی دانراوە.

بەرهەمەکانی ئەم ژنە نووسەرە بە یەکەم کاری رۆژنامە نووسی ژنانی فەرەنسی دادەنرێت، وە زۆربەیان وەرگێردراون بۆ چەندین زمانی جیهانی. هەروەها چەندین کتێب و ووتار دەربارەی خەبات و ژیانی ئەم ژنە خەباتگێرە نووسراون، کە تەواوی هەموو ژیانی تەرخان کردبوو بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا .[2] لە یەکێک لە کتێبە بە ناوبانگەکانیدا ئۆلیمپ دوو گۆژ دەنوسێ :( ئەگەر ژنان حەز بکەن لەگەڵ ئارەزووەکانی مندا بن ، ئەوا دەمەوێت لە سەدەکانی داهاتوودا ناوی ژنان بدرەوشێتەوە لەو شوێنانەی کە تەنها ناوی پیاوە باڵادەستەکانی پێوە دیارە، وە هەوڵ دەدەم لەپاڵ گرنگی دان بە رۆشنبیری لە بواری ئەدەب و هونەردا، رۆڵی ژن کاریگەرتر و بەرچاوتر بێت لە دادگاکاندا و ژنان بتوانن پلەی بەرز بەدەست بهێنن لە دامودەزگاکاندا ، بەتایبەت لە بواری کارگێری و بەرێوەبەریدا) .

خەباتی (ئۆلیمپ دوو گۆژ) تەنها بەرێگەی نووسین و بڵاوکردنەوەی کتێب و گووتار بووە، بەڵام هەر لەم رێگەوە چەندەها پیاوی دەسەڵاتداری بێزارکردووە و توانیویەتی جێ پەنجەی خۆی لە مێژوودا دیاری بکات، نەک تەنها لە مێژووی فەرەنسا بەڵکو لە مێژووی مرۆڤایەتی و بەتایبەتی لە مێژووی خەباتی ژناندا. هەروەها دەڵێ : ( پیاوان هەمیشە رێگرن لەوەی کە ژن بچێتە هاوشان و ئاستیانەوە بە تایبەت لە بواری سیاسی و کارگێریدا )، سەرەمی (ئۆلیمپ دوو گۆژ) واتە سێ سەدە بەر لە ئێستا، بەڵام سەردەمی ئەمرۆی هەرێمی کوردستان هاوشێوەی سێ سەدە بەر لە ئێستای وولاتێکی وەک فەرەنسایە. لەبەرئەوەی رۆژانە دەبینین کاتێک ژنێک تێدەکۆشێت و باس لە ماف و ئازادی ژنان دەکات، چۆن لە زۆر لاوە پیاوان و کۆنەپەرستان هەوڵ دەدەن بە زۆر ناوی ناشرین و لەکەدار بکەن، بەدوای بچووکترین خاڵی لاوازیدا دەگەڕێن بۆ تانە لێدان بە تایەبەتی پیاوانی گەندەڵی دەستەڵاتدارو نوسەرانی بەکرێ گیراوی حیزبی ، تارادەیەکیش چینی رۆشنبیرانی کورد بە درووشم داوای ئازادی و یەکسانی ژن و پیاو دەکەن، بەڵام بە راستی بە کردار لەگەڵ ئەو ئازادی و یەکسانیەدا نین .

هەرمێ حەمەخالد احمد - مامۆستای زانکۆ

پاریس 8 مارس 2019 .

<u>**سەرچاوەکان**</u>

*Mousset, Sophie (2006),* Olympe de Gouges et les droits de la femme, *Paris, Pocket, 160 p.*

Une humaniste à la fin du XVIIIe siècle, *Paris, René Blanc, Olivier (2003),* Marie-Olympe de Gouges.

*Viénet, 272 p.*

*،Mille et une nuits, 2003-Déclaration des droits de la femme et de la citoyenne, éd. Emanuèle Gaulier*

*.Paris*

---

[2] Sophie Mousset : *Olympe de Gouge et les droits de femme*, Félin, 2003.